# عەفیف ئەل ئەخزەر بانگەوازێک بلاو ئەکاتەوە بۆ یارمەتیدانی لە پێناو دادگای کردنی ئەلغنوشی

هەینی 13 ئایاری 2005-05-15

سایتی بزووتنەوەی ئوسولی ئیسلامی بوژانەوە ( النهضة ) کە راشد ئەلغنوشی سەرۆکایەتی ئەکات ، دەنگوباسێکی هەلبەستراوی بلاوکردوەتەوە بۆ هاندانی تیرۆرستان بۆ کوشتنم :

( سزایەکی خودایی ؟ نووسەرێکی ناسراوی ئەرەب نووسینێکی بلاوکردووتەوە و هێرش ئەکاتە سەر ئیسلام و پێغەمبەر ، لە ژێر نازناوی دکتۆر ئەلمقریزی ،، هێرشێکی هەرزان و روخاو کە هەموو ناو و ناتۆرەیەکی بەکارهێناوە وەک جاهیلییە کۆنەکان و ئەوانەی کە رق وکینەیان هەیە بەرامبەر ئیسلام . هەر کە نووسینەکەی تەواوکرد یەکسەر پەنجەی دەستی راستی تووشی شەلەل بوو وپاشان تەشەنەی کرد بۆ هەموو گیانی ، ئێستە توانای هیچی نییە تەنانەت ناتوانێ پێویستیەکانی چێ بەچێ بکات )

مەیەستیان لەونووسەرە ئەرەبە بەناوبانگەی کە هێرش ئەکاتە سەر ئیسلام عەفیف ئەلئەخزەرە کە ئەم بانگەوازەی نووسیووە .

بەراستی لە پێشەکییەکەی پەرتوکەکەم ( دیاردەکان بۆ بەهاوچەرخەکردنی فێرکردنی ئاینی ) کە لە تەموزی 2004 بلاوبووەوە : لە ئوکتۆبەری 2003 تووشی نەخۆشی بووم (...) پەنچەکانم لەنووسین کەوتن . منێک کە هەفتەی 7000 وشەم ئەنووسی ، توانای ئیمزاکردنی شێکێکم نییە ئێستە . لە دەستی راستمەوە گوێزایەوە بۆ دەستی چەپم بەو مانایە کە هەردوو دەستم ناگونچێن بۆ کار ....،،

پرسیارەکە ئەوەیە چی پالی بە بوژانەوە ( نەهزە ) داوە بەسەرۆکایەتی ئەلغنوشی کە ئەم درۆیە بێ ئابرورویە بکات وبە ئەنقەست تاوانبارم بکات و درۆم بۆ هەلبەستێ بۆ کوشتنم ؟ و بیگۆرن بۆ فەتوایەک بەرامبەر وازهێنانم لە ئاین ( ردە ) ، کە پێویستە بە پلەی یەکەم (( سزایەکی ئلاهی )) ترسێنەر بدرێم ئەویش پێویستی بە سزایەکی بەشەری ترسناکتر بێت :! لەبەر ئەوەی ( هێرشم کردە سەر ئیسلام ) ئەوکاتەی بەشداریم کرد لەگەل دکتۆر جواد هاشم و دکتۆر شاکرنابولسی لەدارشتنی بەیانێکی نێودەولەتی دژ بە تیرۆر کە 4000 کەس ئیمزایان کرد ، داوامان لە ئەمێنداریێتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانمان کرد بۆ دادگای کردنی تێگەیشتوویانی تیرۆر ( فقهاء الارهاب ) کە بەفەتواکانیان هانی تیرۆریستەکان ئەدەن بۆ خوێن رشتنی بێ تاوانان ، وەک نزیکترین رێگە بۆ جەنەت ... بەیانەکە ناوی 4 فقهائی تیرۆری هێنا و راشد ئەلغنۆشی یەکێکە لەو چوارە . ئەمەی کە لە دواوە هاتووە ( ئەلغونشی ) هیچی نەدۆزییەوە چگە لەو درۆیە کەوا من خاوەنی پەرتوکی( نادیارییەک لە ژیانی پێغەمبەر ) ( المجهول فی حیاە الرسول ) ، لەسایتی وشەی مەسیح بلاوکراوەتەوە ، تایبەتە بەو پەرتوکانەی لەسەر ئیسلام بلاو ئەبێتەوە وەک پەرتوکی ( ئایا قورئان لەهەلە پارێزراوە ) ( هل ان القران معصوم من الخطأ ) لەو هاوریانەمەوە زانیم کە سەردانی ئەو سایتە ئەکەن ، دەیان وتاری نووسەرە ئەرەبەکانی تێدایە بەلام یەک نووسینی من تێدایە نییە .

بەم فەتوا تاونبارە کە لە رۆژی 6 _ 5_ 2005 لە بوژانەوە بلاوبووەوە ، سەرۆکەکەی سەلماندی ، بۆ ئەو کەسانەی کە هەتا ئێستا پێویستیان بە بەلگە هەیە، کە تێگەیشتوویەکی ( فقە ) تیرۆری خوێنرێژە و هیچ سل ناکاتەوە لە بەکارهێنانی بێ رەوشترین ئامرێز لە درۆی هەلبەست بۆ دەرکردنی فەتوایەکی درۆ بۆ رزگاربوون لە نەیاری سیاسی خۆی !

(هەلبەتە زانراوە کە گروپە ئیسلامییەکان چۆن هەلسو کەوت ئەکەن بەرامبەر هەموو رووداوەکان و جیاوازی لە قسەکردنیان و هەلوێستیان تەنانەت جیاوازی لە جۆری بەکارهێنانی دەقەکان بە گوێرەی پێوست و توانایان ، رێک وەک دەقەکان شایەتی ئەوە ئەدەن . بۆیە هەموو بەیانەکە باس ناکەم چونکە تازە نییە لە لایەن خوێنەری کوردی بۆیە ئەچمە سەر ئەو بەشەکەی تری کە بانگەوازەکەی عەفیف ئەلئەخزەر ( مەحموود )

.

## هاولاتیان و خوێنەران و رۆشنبیران بانگێشتان ئەکەم

.

بانگێشتان ئەکەم و ەک هەلوێستێکی مەردانە پشتم بگرن دژ بە ئەختەبووتی بوژانەوە ( نەهزە ) و دام ودەزگا راگەیاندنە چەواشەکەرییەکەی کە پسپۆرە لە هونەری درۆ هەلبەستن و فەتوای درۆ و حەلالکردنی خوێنی بێ تاوانان . تیرۆر وەک خواوەندی پت ( مەردۆخ ) کە تینوێتی ناشکی هەتا خوێن نەخواتەوە لە کەلەسەری قوربانییەکانی .

ئەی هاولاتیان و خوێنەواران و رۆشنبیران ، یارمەتیم بدەن ، منی هەژار کە نەخۆشی لەکاریخستووم .دژ بە ئەختەبووتی سیاسی ئاینی کە پارە و پیاوی تینویان هەیە بۆ خوێن رشتنم و پەلە ئەکەن بۆ مردنم بە کوشتنم لەسەر چێگای نەخۆشێیەکەم .

ئەفیف ئەلئەخزەر

. ئەو جۆرە فەتوانە کە وەک یەک ئاواز ، لەسەر یەک وەتەر داهێنان و خۆشەویستی لێکوشتنی بەدرێژایی مێژوو و دژ هەر تێروانینێکە کە کۆشش بکات بۆ خۆشبەختەوەری ئینسان ،ئەم فەتوایانە بووە هۆی کوشتنی پیرمەندی بەناوبانگ حوسێن مروە کە بەدەستی ئیسلامیەکان کوژرا ، بووە هۆی کوشتنی مەهدی عامل ، بە ئاشکرا دکتۆر مەحمود تەهایان لە سودان لە سێدارەدا لەکاتی هاتنی دەسەلاتی نمێری و تورابی ، و عەبدولخالق مەعروف و دەیان کەس . کوردستانیش بێ بەش نییە لە بەعەمەلەکردنی فەتوای شاراوە ( کە لە گروپە ئیسلامییەکانەوە لە کۆبوونەکانیان بانگهێشەی بۆ ئەکەن ) و فەتوای ئاشکرا لە کوردستان دژ بە خەلکی ئازادیخواز و ژنانی یەکسانیخواز خەلکانی تینوی ئازادی و خاوەن قەلەم

. ئەمە فەتوایەیە تازە نییە ، نەیەکەمە و نە کۆتاییە ، هەتا ئاین لە دەولەت و دامودەزگای دەولەتی جودا نەکرێتەوە و هەتا پێویستیەکانی ژیان دابین نەکرێ و هەتا ئاین دوورنەخەریتەوە لەو چوارچێوەی کە دایان ناوە بۆ دەستنیشانکردنی هەلسوکەوتی ئینسان و پابەندبوونی ئینسان بەو چوارچێوەیە . ئاین ئەبێ وەک تایبەندمەندی ئینسان سەیری بکرێ نەک وەک دەستور و دەسەلات و نەک وەک پەیرەو بەرنامەی پەروەردەیی و فێرکردن

ئەمرۆ لە تونس ، سبەێنێ لە کوردستان و دوو سبە لە مالیزیا ، بەردەوامن لە تۆقاندنی رۆشنبیران و هەلگرانی بیر و باوەری ئینسانی و عەلمانی . ئەمان بەرامبەر وشە خەنجەر بەکار ئەهێنن و بەرامبەر حوبر چاوەرێی خوێنن . ئەبێ هەولی ئەوە بدەین کە بەرەیەکی مۆدرێن و ئازادی خواز لە کۆمەلگە پێک بهێنین کە خوێان بێنە مەیدان بە بینینی هەر دژایەتیکردنێکی بیر و رای ئازاد . و هەولدانمان بۆ جودای ئاین لە دەولەت کارێکی بە جێیە .

دەستە ماندووەکانت ئەگوشم ئەی پیرمەندی بەتوانا و ئالودەی وشەی ئازاد , هیوادارم پشتگیری بکرێ .

مەحمود محەمەد عوسمان

2005 _ 5_ 16